

# جریوه

ع.ع. شەونم

**پێشەکی**

تێگەیشتن لە زمان ئەکەوێتە پێش دوانن بە زمان. ئەمە لە منالا زۆرتر ئاشکرایە، بەڵگە ئەوەیە پێش فێر بوونی وتنی «بقە»، تێ‌ئەگات کە ئەو وشەیە ئاگادار کردنێکە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئازارێک. بەڵگەیەکی تر ئەوەیە منالّ بە دەنگی پچڕپچڕ لە سەرەتاوە خۆی دروستی ئەکات وەڵامی ئەو دواننانە ئەداتەوە کە تێی‌گەیوە. لە پاش ئەرکێکی گرانی پڕ لە بیر کردنەوە و لاسایی، ئینجا دەنگە دروست کراوەکانی خۆی ئەگۆڕێ بۆ ئەوەی بە شێوەی وشەی ڕاست دەریان‌بڕێت، بەڵام لە پێشا بە هەڵەدا ئەچێت و زۆر جار وشەی نیوە ناتەواوی وەهای لە دەم دەرئەچێت کە جیاوازە لەگەڵ وشە ڕاستەکەدا وەک: بە تۆپ ئەڵێ «هەپو». کە تەنها دەنگی «پ»ی ڕاستە و هەموو دەنگەکانی تر هەڵەن. بەم شێوە وردەوردە دەنگەکان ئەگۆڕێ لە هەڵەوە بۆ ڕاست تا فێری وشە و بەکار هێنانی وشە ئەبێ لە نیمچە ڕستەی ناتەواودا، هەر وەها لە ڕستەی تەواوا. ئینجا دایک و باوک دڵیان خۆشە کە ئامانجیان پێک‌هات و منالەکەیان فێری زمان بوو، بەڵام وا نییە و ئامانج پێک‌نەهاتووە، چونکە لە سەرێکەوە تەنها دوانن بەڵگە نییە بۆ فێر بوونی زمان، زۆر کەس هەن ئەدوێن، بەڵام بە چەن وشەیەکی کەم، لە کاتێکا کە زمان بە پێی وشە و ڕێزمان زۆر قووڵ و فراوانە و هەموویشی پێویستە بۆ بەکار هێنان هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیا، ئەو کەسەی کە فێریان ئەبێت، ئینجا پێی ئەوترێت زمانزان.

لەگەڵ زمان زانینا هونەری زمان کە وێژەیە، پێویستە؛ چونکە ڕستەی تازە و نەبیسراوی کورت و پڕ لە مەبەست بە بەرهەم ئەهێنێت. مەبەستی ئادەمزاد زۆرە، منالّ بە زمان فێر بوون، کتوپڕ لەم جیهانە فراوانە ناگات، هەروەها لە دام و دەزگا و هەڵسوکەوتی کۆمەڵی ئادەمزاد بێ‌ئاگایە، پێویستە لەگەڵ ڕۆژانی تەمەنیا وردە وردە شارەزایی پەیدا بکات. بەکار هێنانی زمانیش بۆ ئەم مەبەستە گەورەترین هۆی گرنگە، زمان و هونەری

زمان کە وێژەیە پێویستە بەکار بهێنرێت بۆ پەروەردەی منالّ و بە هۆیەوە گورج و گۆڵی و ڕاستگۆیی و دڵپاکی و شارەزایی و... لە دەروونیا ئەڕوێنرێت.

هەڵبەست هۆیەکی هونەرییە یاریدەی پەروەردە ئەدات. بە کار هێنانی زمانی ڕووت بە بێ هونەری زمان، ئامانج پێک ناهێنێ، چی بۆ زمان گرتنی منالّ چی بۆ چەسپاننی کردەوەی چاک تیایا.

منالّ ئەو وشانە زوو فێر ئەبێ کە لەگەڵ ئارەزوو و هەوەسیا ئەگونجێت و پێویستی بە بەکار هێنانیەتی، وەک لە سەرەتاوە بانگ کردنی دایە و بابە وەک هاوار کردن بۆ خواردن و ناوی خواردنەکان و کەلوپەلی یارییەکانی و کاسە و کەوێڵی بەر دەستی لە مالا و هتد، بەلام ناوی ڕۆژەکانی هەفتە یان ژماردن درەنگ فێر ئەبێ، چونکە پێویستی پێیان نییە. یان با بڵێین تەمەنی نەگەیشتۆتە ئەو سێرەیەی کە پێویستی پێیان بێت، چونکە پێویستی و ئارەزوو و هەوەس بە پێی ڕۆژانی تەمەن ئەگۆڕێ و زیاد ئەکات، لەگەڵ ئەوەشا لە توانای وێژەدا هەیە کە ئارەزوو و هەوەسی ڕۆژانی تەمەن پێش خات بۆ فێر بوون.

منالّ هەڵبەست بە یاری ئەزانێت، یاری یەکەم خرۆشێنەری ئارەزوو و هەوەسی منالّە. ئەگەری یاری «هەلوور بلوور»ی لەگەلا کرا، زۆر بە خۆشییەوە هەوڵ ئەدات هەڵبەستی هەلوور بلوور لەبەر بکات. ئەگەر چیرۆکی کورتی وەک «داپیرە و ڕێوی»ی بۆ گێڕایەوە هەرچەن لە مەبەستی چیرۆکەکە تێناگا، بەلام ڕستەی «داپیر کلکە کولێم بداتەوە» لەگەڵ دەست ڕاوەشانن و پێکەنینەکەدا ئەبێ بە یاری، ئەوسا حەز ئەکا زوو زوو گوێی لێ بێ بۆ ئەوەی لەبەری کات، ئەمە لە ڕووی فێر بوونی زمانەوە.

خۆ لە ڕووی چەسپاندنی پەروەردەی ڕاستەوە دیسان هەر لەگەڵ زمانا بەکار هێنانی وێژە پێویستە. چەنان دایک و باوک سکالایانە لە دەست منالّەکانیان. چونکە هەرچەن ئامۆژگارییان ئەکەن، گوێیان نادەنێ و بە قسەیان ناکەن. بۆچی؟ هۆکەی ئەوەیە ئامۆژگاری ڕووتی وەک: «ڕۆڵە وا هەڵسە و وا دانیشە» وشکە و نەک هەر ئارەزوو و هەوەسی منالّ نابزوێنێ، بەڵکوو بێزاریشی ئەکات. بەلام ئەگەر ئامۆژگاری بخرێتە چوارچێوەی هونەرەوە، ئەوسا منالّەکە بە خۆشیەوە وەری‌ئەگرێت.

بۆ نموونە ڕێکەوتووە دایک داوای جامێ ئاوی لە منالّەکەی کردووە بۆ بهێنێت، نەیهێناوە؛ بۆ جاری دووەم بە چەشنێکی تر داوای لێ کردووە، پێی وتووە: «ئەوا چاو ئەنووقێنم بزانم هەتا چاو ئەکەمەوە ئەتوانیت جامێ ئاوم بۆ بهێنیت؟» منالّەکە دەسبەجێ ڕای کردووە و بۆی هێناوە.

کەواتە بە هۆی خرۆشاننی ئارەزوو و هەوەسەوە توانای منالّ ئاراستە ئەکرێت بۆ مەبەستی بەسوود وەک فێر بوونی زمان و دامەزراننی پەروەردەی ڕاست کەواتە یەکەم خرۆشێنەری ئارەزوو و هەوەسی منالّ یارییە.

زانیمان کە زمان بە هونەرەوە منالّ حەزی لێ ئەکات چونکە بە یاری ئەزانێ، ئێستا ئەبێ ئەوە بزانین کە گرینگترینی هونەری زمان هەڵبەستە.

منالّ هەڵبەست بە یاری ئەزانێ، لەبەر ئەوە بە ئارەزوو و هەوەسەوە لەبەری ئەکات و بە هەڵسوکەوت و خۆشییەوە ئەیلێت و ئەیلێتەوە. چونکە هەڵبەست زمانێکە لە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێکی ئاوازەدارا خولیا و هەستە دەروونییەکانی خۆی پێ دەرئەبڕێت.

بە هۆیەوە منالّ لە زمان ئاگادار ئەبێ و ڕستەی جوان لەبەر ئەکا و شارەزاییەک کە درەنگ دێت بە پیرەوە، نزیک ئەخرێتەوە لێی و فێری پەیڕەوی کۆمەلایەتی و ئادەمزاد پەروەری ئەبێ، ئاسۆی بیر و خولیای فراوان ئەبێت، فراوانییەک کە هی سێرەیەک درەنگە و نزیک ئەبێتەوە بۆ سێرەیەکی نزیک.

### هەڵبەستی منالّ ئەبێ چۆن بێت؟

هەڵبەستی مناڵ بە پێی ناوەرۆک و مەبەست ئەبێ لەگەڵ سێرەی منالّەکەدا بگونجێت و لەو شتانە بدوێت کە بە ئاسانی هەستی پێ ئەکا یان بیری بۆی ئەچێت، لەبەر ئەوە ئەبێ خولیا (خەیاڵ)ەکانی نهێنی نەبێ و ئاشکرا بێ.

بەڵام ئەندێشەی هەڵبەستەکە هەتا بەرز و بڵند بێ کەمە، بە مەرجێک تێگەیشتنی تیا بێ با کەمیش بێ، وردە وردە لەگەڵ هاتنی ڕۆژانا هەمووی تێئەگات یان مامۆستا و پەروەردەوان تێی ئەگەیەنن.

ئەنجامی ئەندێشەکە پێویستە پەندێکی تیا بێت ئەو پەندەیش هاندەر بێ بۆ پەروەردەی ڕاست.

هەڵبەستی منالّ بە پێی ڕێباز پێویستە وشەکانی سادە بن و ڕستەکانی ڕەوان بن! تا منالّ بتوانێت لەبەری کات و بیڵێ.


پێویستە کێشەکەی کورت و ئاوازەدار بێ، چونکە کێشی درێژ ئەبێتە هۆی هەناسە سوار بوونی منالّ، ئەبێ هەر دێڕێک لە هەڵبەستەکە لەنگەری تایبەتی خۆی جیا بێت، و تا لە توانادا بێ، ناوەرۆک و مەبەستی هەڵبەست بە کەمترین دێڕ بدرێت بە دەستەوە.

ع.ع. شەونم

١٩٦٥/١٢/١٧

**چۆلەکە**

جووک جووک چۆلەکە — چۆلەکە بچکۆلەکە
بە لەرزە لەرزی باڵا — دیارە کەوتە سکالا
ئەڵێی وەک تۆ منالّم — زەڕنەقووتەی ئەمساڵم
خۆ تۆ خاوەنی هەستی — هەوڵ ئەدەی بۆ سەربەستی
بۆچی بەرد ئەهاوێژی؟ — خوێنی پاکم ئەڕێژی؟
جووک جووک ئەی هاوار — دۆستم نییە سەروخوار
بۆ سەر ئەڕوانم دالّە — خوارەوەشم منالّە
جووک جووک دانی ئاش — کەوتە بەینی دوو بەرداش
گیانداریکی بێهێزم — کەس نالێ ئەتپارێزم



**جۆلانە**

جۆلانەی با جۆلانە
وەک باڵندەی هێلانە
بمبە! بۆ سەر دار
بۆ نەخۆش و پەرێشان
جۆلانەکەم جۆلانە!
بمبە بەرەو بەرزایی
وەک باڵندە ئەخوێنم

بێ باڵم، بچکۆلانە
بفڕە! بفڕە! جۆلانە
لەوێ سێو ئەخەمە خوار
بۆ هاوەڵ و بۆ خوێشان
بفڕە وەک ئەو مەلانە
لەوێ ئەیکەم بەشایی
سەربەستی خۆم ئەنوێنم

**کۆڵان**


دایە ناچم بۆ کۆڵان
کۆڵان پیس و ناخۆشە
بە خۆڕایی لێم ئەدەن
دایکیشیان بە پێکەنین
کەنگێ دایکن ئەوانە
مناڵ ئەکەن بە چوختی
دایک ئەبێ وەک تۆ بێ
رۆڵەی خۆت و نەناسراو

یاری ئەکەم لە دالان
مناڵ جنێو فرۆشە
کەلوپەلیشم ئەبەن
پێیان ئەڵێن ئافەرین
تەمێ لایان تاوانە
گۆشی ناکەن بە پوختی
تیشکی سەرووی ئاسۆ بێ
سەیریان ئەکەی بە یەک چاو

**بەبە**

بەبە! بەبە بچکۆلە
بنوە لە ناو جۆلانە
دایە دەستی گیراوە
منیش هەرچەن مناڵم
هانێ مووروو ها خرخاڵ
بەبە! پێبکەنە ژیر بە
ئەم گریان و هاوارە
کە گەورە بووی بەبە گیان
ئەوسا دایە و مەمۆلە

مەگری مەگری بەرخۆلە
گەرم و گوڕە هێلانە
منی لای تۆ داناوە
خەریکی ئیشی ماڵم
ها بابەتی گڕ و گاڵ
بەس چاوەڕوانی شیر بە
پیشەی کفت و بێکارە
دادێ نابەخشێ گریان
خەوە خەوە بەرخۆلە



## بووکەکەم

بووکەکەم بووکەکەم
بووکە ئێسک سووکەکەم
ئش ئش نایلۆنی بێهۆش
ئەی خۆشەویستی ڕووخۆش
پیلان ناکەی وەک زینوو
نە برسیتە نە تینوو
من لە ئێستاوە دیارە
خەمم هەزار هەزارە
نازانم هاوڕێی باشم
چۆن و لەچی داتاشم؟
ئش‌ئش باڵا کە،باڵا
تۆ هاوڕێمی لە ماڵا
چۆنم ئەوێ وا ئەکەی
یەک یەک خەمم لا ئەبەی
هەردوو دەستم لە مل کە
گوێ بۆ لای لایەم شل کە
«ئش‌ئش ئەمڕۆ بێ‌گیانی
ئاگای دنیا نازانی
ڕۆژێ ئەبێ کۆرپە گیان
گەورە ئەبم بۆ ژیان
ژیان ئەبەخشم بە تۆ
بۆ بزوان و گفت‌وگۆ
پەیکەر! دڵپاک و جوانی
ئای داخەکەم بێ گیانی»



## خواردن

بابە! بابە دەست ئەشۆم
لەگەڵ ئێوە نان ئەخۆم
لەبەر دەمی خۆمەوە
ئەخۆم و ئەخۆمەوە
دەستم ڕاناوەشێنم
چێشتەکە ناڕژێنم
کەوچکەکەم پڕ ناکەم
سنگ و بەرۆک تەڕ ناکەم
کاتێ پاروو ئەگلێنم
دوو لێوم ئەنووقێنم
پارووی بچووک قووت ئەدەم
ئینجا پارووی تر ئەکەم
هێمن و نەرم و نیان
بێدەنگ ئەبم لە سەر نان
نەوەک پڕیشکی دەمم
بپڕژێتە بەر دەمم
فرەفڕ و هەڵلووشین
یا قرقێنە، یا پژمین
تەقەی کەوچک و چنگاڵ
پەرداخ و قاپی بەتاڵ
لەگەڵ هەڵپەی شێتانە
ناشیرنن ئەمانە
کە چێشت هاتە کەمایی
دەس هەڵئەگرم ئەسپایی
تێریش نەبم دامناوە
بۆ خۆم بکێشمە دواوە
بابە شارەزای خوانم
گشت ویڵێکی ئەزانم



**یاری**

لاچۆ لاچۆ دەی بڕۆ
تۆ ئەڵێی شێت و هاری
دار ئەکێشی بە سەرما
بە باز ئەچیتە سەر کوڵ
یا پاڵ ئەنێی لە ناکاو
وەکوو من نیت، بزێوی
هەتا وا بی دەی بڕۆ
یاری دنیای بەهەشتە

یاری ناکەم لەگەڵ تۆ
نازانی چۆنە یاری
جل ئەدڕێنی لە بەرما
فڕێ ئەدەی بەرد و خۆڵ
زامار ئەکەی دەم و چاو
فێری شەڕە جنێوی
یاری ناکەم لەگەڵ تۆ
یاریکەران فریشتە


**مامەی کۆڵان**

مامەی کۆڵان داماوە
سەیری کەن ڕووت و قووتە
کەساسێکە بێچارە
ئەڕوا و ئەسوورێتەوە
داستانی تۆماری
نانی ئەوێ بۆ ژیان
توخوا بەردی تێ مەگرن
سزا و تالاوی ئێوەش
مامەی لەرزۆک و بێکەس
ئەویش کێیە ئەزانن؟
سایە و پەنای کەساسان

داماوی دەست و چاوە
لەم دنیایە نابووتە
مەینەتی لەسەر بارە
بۆ نان ئەپاڕێتەوە
پڕە لە شەرمەزاری
ژیانی مان و نەمان
مناڵ ڕێگەی پێ مەگرن
با نەیێتە باری لەش
دڵسۆزێکی هەیە و بەس
خاوەن بەزەییەکانن
بەزەییە و دڵسووتان

**درگا**


۱ـ تەق تەق. کوێیە ڕێگایە
نانا، دەنگی درگایە
ئەوە کێیە؟
۲ـ منم من
۱ـ تۆ کێی، دۆستی یا دوژمن؟
۲ـ میوانم دۆستی ئێوەم
بیکەرەوە چاوەکەم
۱ـ بڕۆ کەس نییە لە ماڵ
پاسەوانێکم مناڵ
۲ـ بژی ڕۆڵەی گورج و گۆڵ
پاسەوانی ماڵی چۆڵ
۱ـ خۆ بابەیە وەستاوە
دەنگی لە من گۆڕاوە
دیارە بابە لە پێشا
وریایی منی کێشا
بابە بابە، بمبەخشە
فەرموودەتم لا نەخشە
دەرفەت نادەم بێگانە
فێر بێ بەم دەرگا و بانە




## نیاز

١ـ ئەم پرسیارە هاوڕێکانم
وەڵام وەڵام با بزانم
تۆ چیت ئەوێ؟
٢ـ خواردن و خەو
١ـ تۆ چیت ئەوێ؟
٣ـ کۆتر و کەو
١ـ ئەی تۆ... ئەی تۆ؟
٤ـ جل و پارە
یاری کردن تا ئێوارە
١ـ هەهە... هەهە... پێکەنینە
خوازتەکەتان ناشیرینە
٢. ٣. ٤:
پێمەکەنە، پێمەکەنە!
ئەی خوازتی تۆ بایی چەنە؟
١ـ من من؟ نیازم تێکۆشانە
ڕەنجی بیرە، ڕەنجی شانە
بۆ سەرکەوتن، بۆ زانیاری
بۆ شێلانی ناهەمواری









## باخچە

منالانی ناوچە      با بچین بۆ باخچە
باخچە وەکوو بەهەشتە      باوەشە بۆ فریشتە
باخچە باخی گولانە      جێی پەپوولەی چلانە
ئێمە فریشتەی شاخین      پەپوولەی گوڵی باخین
لەوێ ئەنیشینەوە      پەروەردە ئەچنینەوە
دوایی ئەیکەین بە دیاری      بۆ لادێیی، بۆ شاری

## تەنگانە

دەستەسرم نەهێنا      لە ماڵەوە بەجێما
خوایە چۆن لووتم بسرم      وەختە یەخەی خۆم بدرم
بیسڕم بە داوێنا؟      بەسەر قۆڵی خاوێنا؟
نا، ئەوە خووی چەپەڵە      پیشەی گێل و تەمەڵە
من کە ژیر و خاوێنم      چۆن شەرمی خۆم ئەشکێنم
چار نییە ئەبێ ئێستا      داوا کەم لە مامۆستا
ڕێم بدا بڕۆمە دەر      ئەم داخە دەرکەم لەسەر
کەتنی ئەمڕۆ تا ماوم      گوم نابێ لە بەر چاوم
کەلوپەلی تەنگانە      هەرزانیش بێ گرانە

## خوازتن

هاورێ کەلوپەل مەخوازە    بەسە داوای بێ ئەندازە
دەمێ ئەڵێیت پەڕەم بەرێ    دەمێ ئا توخوا دادەرێ
دەمێ قوتابیەکەی پێشم    راستەم بەرێ خەت ئەکێشم
هەتاکوو کەی زمانی لووس    بۆ خەت کوژێن یا بۆ پێنووس
ئەڵێی ساوای دوو سالانی    یا کەنەفتی بەر مالانی
بێنە بێنە دەست پێ ئەکەی    وانەکەمان لێ تێک ئەدەی
منیش یەکێکم قوتابیم    دووکان و بازاڕی تۆ نیم
رۆژێ نییە دوو ڕۆژ نییە    خوێندن ئاوا بێ بۆ چییە؟
ئەگەر قوتابیت بخوێنە    کەلوپەلی تەواو بێنە
هەر کەس چاوی لەم و لەوە    سەرگەردانی دنیای خەوە

## ڕێویە دزە

ڕێویە دزەی قوتابخانە    دەنگ و باسی ئەمڕۆمانە
ئەوا ئەمڕۆ پۆل بێدەنگ بوو    پێش ماوەی لێدانی زەنگ بوو
لە دواوە هاوارێ هەڵسا    پارەم دزرا ئای مامۆسا
قوتابیەکەی دەستی ڕاسی    دز بوو مامۆستا ئەیناسی
پارەی دەرکرد لە گیرفانی    پارەی خۆی بوو ناو نیشانی
ئینجا وتی ئەم چاو بزە    ناوی ئەنێین ڕێویە دزە
ڕێویە دزە پاشی دزی    کەوتە گریان و سەرکزی
قوتابیەکان وەکوو خۆرە    شوێنی کەوتن بە بالۆرە
ئەم چاو بزە ئەم چاو بزە    ناوی ئەنێین ڕێویە دزە
کەسێ دز بێ دیارە دیارە    شەرمەزارە شەرمەزارە

## یادگار


کەلوپەلی پارم ماوە    لە ناو تاقێکا دامناوە
پەڕاو،تێنووس،نمرەی ساڵم    ئەپارێزم تا منالم
هەڵیانئەگرم بۆ یادگار    هەتا ئەبم بە هەرزەکار
ئەوسا تەماشایان جوانە    وەک بابەتی مۆزەخانە
ئەبن بە دیمەنی بەرچاو    هی پێشکەوتن هەنگاو هەنگاو
کەواتە هەر لە ئێستاوە    بناغەی بەندم داناوە
بۆ برا بچکۆلانەکەم    بۆ کەسانی خێزانەکەم
دەرئەکەوێ بێ تێکۆشان    کەس نایبڕێ پلەی ژیان

## ژمارە

یەک، بابمان ئیشکەرە    دوو، دایکم چێشتلێنەرە
سێ، خوشکم ئیشی زۆرە    چوار، ئەو خوشکم جلشۆرە
پێنج، خوشکی بچکۆلانە    وەڕوێرکەی هەموومانە
شەش، کاکم تۆو ئەچێنێ    حەوت، ئەو کاکم ئەخوێنێ
هەشت نۆ، دوو برام هەیە    یەکێکیان بچکۆلەیە
دە، خۆمم خۆم ئەژمێرم    تا دە ژمارە فێرم
خێزانێکین دە سەر کەس    بەختیار و بە دەربەس

## تەختەی ڕەش

ئەی تەختەی ڕەش،تەختەی پۆلم          ئاودێری سەوزایی گۆلم
وەک ئاسمانی شەو ڕەشی          باوەشی ئەستێرەی گەشی
بە ئەستێرە نەزانی وێڵ          ئەڕوا شەوانی گەشت و گێڵ
ڕێ دەرئەکا بە چالاکی          هەتا ئەگاتە ڕووناکی
منیش وێڵم تۆی ڕابەرم          تەختەی ڕەشی بەرامبەرم
نەزانێکم لەم دنیایە          ئەستێرەم لە ڕووی تۆدایە
ئەو ئەستێرەش تەباشیرە          مرواری مامۆستای ژیرە
بۆم ئەبارێ وەکوو تەرزە          نرخی یەک بە یەکی بەرزە
تۆی گەردوونی ئامۆژگاری          دنیای هونەر و زانیاری
بە ورشەورشی سپیایی          بۆم ڕامالە تاریکایی
تا تۆم هەبێ لە بەر چاوم          هەرگیز ناوەستێ هەنگاوم
ئەڕۆم ئەڕۆم بەرەو ئاسۆ          تاکوو ئەگەم بە ڕۆژی نۆ
ئەوسا بیرم وەک کشتوکاڵ          لێی ئەچێژن گەورە و مناڵ



## زەردەواڵە

وریا شاری زەردەواڵە          لەسەر دەرگای حەوشی ماڵە
تا زوە ڕاکە لەو ناوە          شارەکەیان ورووژاوە
ئاڵۆسکاون لەسەر چزن          پەلامار ئەدەن، ئەگەزن
زەردەواڵە زیانەخرۆن          ترێی میوەکەمان ئەخۆن
بە ڕۆژیشا دێین و ئەچین          ئەبێ سەرمان دانەوێنین
وریا هەردووکمان بێزارین          تووشی یەک ئێش و ئازارین
مەڵێ: (سیرە گۆشتم تاڵە          شەقێ بدە لەو منداڵە)[1]
بە جووتە گەر هەوڵێ بدەین          زەردەواڵە لەناو ئەبەین
جارێ با هێمن بنەوە          بۆ خۆیان بنشینەوە
لەسەر پلێ گۆشتی جگەر          کۆمەڵ ئەبن بێدەردی سەر
ئەوسا هەر بە یەک لووتی پێ          ئەو کۆمەڵە لە ناو ئەچێ
سیرەسیرە سیرەی دوژمن          کە شەو داهات ئەخزێتە کون
شاپڵیتەی بۆ هەڵئەکەین          تەخت و تاراجی تێکئەدەین[2]
ئەوەی کە ما سەری زستان          ئەیانکوژێ لە ڕێگە و بان
جا وریا ئەوسا من و تۆ          سەربەست ئەبین لە هاتوچۆ

---

[1] سیرە سیرە گۆشتم تاڵە          شەقێ بدە لەو منداڵە
فۆلکلۆرە، مناڵ ئەیلێت و زەردەواڵە لە خۆی دوور ئەخاتەوە بۆ ئەوەی بە مناڵێکیکەوە بدات.

[2] بۆ لەناو بردنی زەردەواڵە لە کۆنا، شاپڵیتەیان ئەکرد و لە بەردەم کونە زەردەواڵەکەدا ڕائەگیرا و چیلکە ئەکرا بە کونەکەدا، ئەورووژان و ئەهاتنە دەرەوە، بەر ئاگرەکە ئەکەوتن و ئەسووتان.